چیرۆکی : ئەلیکساندەر پۆشکین

نیشانێک

سوێندم خواردووە بەهەقی تەقەی بەرانبەری

بیکوژم . (هێشتا تەقەیەکم قەرزارە .)

* شەوێك لە بیڤۆ واك *

1

لە شـارۆچکەی (س) جێگـیر بوو بـووین . هەمـووتان دەزانن ژیانی ئەفسـەری سوپـا چۆنـە : بەیـانیان مـەشق و سـواری ، قاوەڵتی لەمـاڵی سەرکـردەی فەوج یـا لە ئوتێـلی جوولەکەیەك ، و شەوانیش خواردنەوەو قومار . دەرگای دوا مـاڵی شارۆچکـەکەمـان لێ داخرابـوو ، کچی عازەبیش خـوا بڕیبووی . بۆیە ناچار لە مەڵبەندی یەکتریدا کۆ دەبووینەوەو هەر لە بەرگی یەکتری ورد دەبووینەوە .

لە کۆمەڵەکەماندا تەنیا کابرایەك هەبوو سوپایی نەبوو . ئەم کابرایە گەرچی تەمەنی سی و پێنجساڵێك دەبوو بەلام لەچاو ئێمەدا پیر بوو . بەحوکمی شارەزایی فـەزڵی بەسـەرمانـەوە هەبوو ، جگە لەوەش لەبەرئەوەی زۆربەی کات خەمبارو گرژو زمان پیس بوو کاریگەری یەکی زۆری لەسەر ئـەقڵی ئێمـەی هەرزەکار هەبوو . ئەمە کاتی خۆی لەڕیزی هێزی سـوارەدا بـووەو تابـلۆی لێهاتـووش بووە کـەس نەیدەزانی چی وای لێکردبوو واز لە سوپا بێنێ و لەشارۆچکەیـەکی بێ بایـەخی ئاوادا پاڵی لێبداتەوەو ژیانێکی سادەو لەهەمان کاتدا دەست بڵاوانە بەسەر بـەرێت . بە پـاڵتۆیـەکی ڕەشی دڕاوەوە بەپێ دەهات و دەچوو ، کەچی دەرگای بـۆ هەمـوو ئەفسـەرەکانی فەوجەکە لەسەر پشت بوو . گەرچی قاوەڵتی یەکەی لەدووسێ

قەب زیاتر نەبوو کە لەلایەن کۆنە سەربازێکەوە ئامادە دەکرا ، ـەلام شەمپانیا پەیتاپەیتا دەبەشرایەوە . مەگەر خوا بـزانێ ـەرچاوەی سامان و دەستهاتی چی بوو ، خـۆ کەسیش زاتی ـەکرد ئەو پرسیارەی لێبکات . ژمارەیەکی باش کتێبی هەبوو ـە هەمووی بریتی بوو لە ڕۆمان و کتێبی سوپایی ، هەمووکەس ـوی هەبوو بێپەلەکردن لەگێڕانەوەیاندا بیان خوازێت . ئیشی ـەرەکی ئەم کابرایە دەمانچە تەقاندن بوو . هەموو دیواری ـوورەکەی بە فیشەك وا دابێژابوو ، دەتوت شانەی هەنگە . کوخە بچکۆلە قوڕینەکەی جگە لە هەندێ دەمانچە ، هیچی تری تێدا نەبوو شایانی باس بێ . سەلیقەیەکی بێپایانی هەبوو لە تەقەکردندا . ئەگەر بیویستایە هەرمێیەك بکاتبە نیشـان ، هـەموو ئـەندامـانی فەوجـەکـە ئـامـادە بـوون بێسێ ودوو هەرمێکەی لەسەر شەپقەکەیان بۆ بنێنـەوە . زۆرجار بـاس ـەهاتە سەرباسی تەقەی بەرامبەری ، بەلام سیلڤیۆ (با ئەوە بکەین بەناوی) هەرگیز بەشـداری نەدەکـرد . ئەگـەر لێیان بپرسیایە ئاخۆ قەت تەقەی بەرامبەریی کـردووە ، ئەوا بـە بێزەوقی یەکەوە دەیوت : کردوومە و ئیتر درێژەی پێنەدەدا . دیاربوو بەوجۆرە پرسیارە قارس بوو . ئێمەش هاتبووینە سەر ئـەو بڕوایـەی ئـەمکـابـرایـە دەبێبـەهـۆی دەستومشتی بێوێنەیەوە ویژدانی تووشی گوناهێـك بووبێت . ئـەوەش بلێم هەرگیز گومانی ترسنۆکیمان لێنەدەکرد ، زەلامی وامەیە هەر تەنیا سەرو ڕووخساری پیاو دلنیا دەکات . ماوەیەك لەوەو دوا شتێك ڕووی‌دا کەبووە مایەی سەرسامی هەموان .

ڕۆژێکیان دەورووبەری دەکەس لە ئەفسەرەکان لەمـالی سیلڤیۆ قاوەلتیمان دەکرد وەك هەموو جارێك برێکی باشمـان خواردەوە . دوای قاوەلتی داوامان لە خانەخوێ کرد بانقمان بۆدابنێ . زۆر ناڕەزایی دەربڕی چونکە بەدەگمەن قومـاری دەکرد ، بەلام سەرەنجام داوای کرد کاغەزبێنن ، نزیکی پەنجا دە ڕۆبلییەکی لەسەر مێزەکە خڕکردەوەو دەستی‌کرد بەوەرەقە دابەش‌کردن . هەموو دەورەمان داو یاری دەستی پێکـرد . سیلڤیۆ عادەتی وابوو لەکاتی یاریدا ئەوپەڕی بێدەنـگ بێو هیچ قسەو باس نەکات . ئەگەر بهاتایەو یاریکەرێك غەلەتێکی بکردایە ، سیلڤیۆ یەکسەر هەموو پارەکەی بۆ دەگێڕایەوە یان زیادەکەی دەخستەلاوە . ئێمە هەموو شارەزای ئەمە بووین و وازمان لێ دەهێنا بەکەیفی خۆی بجووڵێتەوە . بەلام ئەمجارە ئەفسەرێکمان لەگەلدا بوو تازە بۆ فەوجەکەمان ڕاگوێزرابۆوە ، بەدەم یاریـەوە ، لەخۆیـەوە بانقـەکەی زیـاد کرد . سیلڤیـۆ تەباشیرێکی هەلگرت و وەك هەمـوو جارێـك ڕاستی‌کردەوە . ئەفسەرەکە کەلای وابوو سیلڤیۆ بـەهەلەدا چـووە ، ویستی مەسەلەکە ڕوون بکاتەوە ، بەلام سیلڤیـۆ بێدەنگ درێـژەی بەیاری‌دا . ئەفسەرەکە لەحەوسـەلەیدا نـەما ، فلچـەیەکی هـەلگرت و ئـەوەی بەهـەلەی دەزانی سڕیـەوە . سیلڤیـۆش تەباشیـرەکەی هـەلگرت و دووبـارە ژمارەکـانی نووسیـەوە . ئەفسەرەکە کە شەراب و قومارو قاقای هاوڕێکانی سەری گەرم کردبوو ، ئـەوەی سووکـایەتی دانـا ، شەمعـدانێکی زیوینی لەسەر مێزەکە هەلگرت و هاویشتیـە سیلڤیۆ ، بـاش بوو ئـەم لەدواساتدا خۆی لێلادا . ئێمەزۆر دلگران بووین ، سیلڤیوش لەرقدا سپی هەلگەڕابوو ، چاوی ئاگری لێدەباری ، هەستایە سەرپێ و وتی : «قوربان پیاوی چاك بە بڕۆو سوپاسی خوابکە کەئەمە لەمالەکەمدا ڕووی‌دا .»

ئیتر ئێمە سەرەنجامی مـەسەلەکـەمان لاڕوون بـوو ، هاوڕێ تازەکەمان لەڕیزی مردووان دادەنـا . هاوڕێ چـووە دەرەوەو وتیشی . کەی کابـرای سەر بـانق پێی خۆشـە ئەو ئامادەیە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی تۆلەی ئەو سووکایەتی‌یە . تـۆزێکی تریش درێـژەمان بـەیاری دا ، بـەلام دیمان خـانە خوێکەمان هیچ ئاگای لەیاری نیە . بـۆیە یـەکە یـەکە مـال ئاواییمان کرد ، هەر کەس بۆ مەلبەندی خۆی ، بەدەم ڕێشەوە باسی ئەو فرمانە شاغیرەمان دەکرد کە وا بەڕێوەیە .

بـۆ ڕۆژی دوایی لەمەشقی سـواریـدا لەیـەکتـریمـان دەپرسی : تۆبلێی ئەوئەفسەرە بەستەزمانە ئێستا زیندووبێ ، کەچی ئەوەندەمان زانی خۆی دەرکەوت . هەمان پرسیارمان لێکـرد ، لەوەلامـدا وتی هێشتـا هیچی لەسیـلڤیـۆوە پـێ نەگەیشتووە . ئەمەش ئێمەی سەرسامکرد . کاتێ چووین‌بۆ مـالەوە بۆلای ، دەبینـین کاغـەزێکی ئاسی بـەدەرگاکـەیـەوە هەلواسیوەو فیشەك لەدوای فیشەك نیشانی لێدەگرێ . وەك هەموو جارێك بێئەوەی وشەیەك لەبارەی بەسەرهاتی ڕۆژی پێشووەوە بدرکێنێ ، بەخێرهـاتنی کردین . سێ‌ڕۆژی تـریش تێپـەڕی کـەچی ئـەفسـەرەکـە هێشتـا زینـدوو بـوو . بەسەرسامی‌یەوە لەیـەکتریمـان دەپرسی : تـۆبلێی سیلڤیـۆ بەتەمای شەڕ نەبێ ؟ . لەڕاستیدا سیلڤیـۆ شەڕی نـەکرد ،

بیانوویەکی بچکۆلەی بۆ خۆی هێنایەوەو لەگەڵ ئەفسەرەکەدا ئاشت بووە .

ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەکی باش پلەی کابرای لەچاوی لاوەکاندا کەم کردبێتەوە ، چونکە بەلای گەنجانەوە کە لایان وایە ئازایەتی بەرزترین سیفەتەو بۆی هەیە زۆر کەمایەتی پیاو بپۆشێت ، ترسنۆکی دواشتە پیاو ڕێبەخۆی بدات چاوی لێبپۆشێت . بەهەر حاڵ مەسەلەکە وردە وردە بەتەواوی لەبیر چووەو سیلڤیۆ کاریگەری پێشووی بەدەست هێنایەوە .

تەنیا من نەهاتمەوە سەرخۆم ، لەبەر ئەوەی سروشت خەیاڵێکی ڕۆمانتیکی پێبەخشیبووم و لەوەو پێشیش لەهەموان زیاتر ڕێزی ئەم کابرایەم دەگرت کەژیانی مەتەڵێك بوو بۆخۆی و بەپاڵەوانی چیرۆکێکی سەیرم دەزانی . ئەویش هەروا منی بەدڵ بوو . من تەنیا کەسێك بووم کەئەوکابرایە لەگەڵیدا لەگەڵی شەیتانی زمان بەستراوی دەهاتە خوارەوەو لەسەرخۆو بەزەوقێکی سەیرو نائاسایی یەوە باسی جۆرەها شتی بۆ دەکرد . بەلام هەرگیز ئەو شەوەم لەیاد نەدەچووە کە کابرا بەئارەزووی خۆی نەیویست ئەو لەکەیەی سەر شەرەفی بسڕێتەوە . ئەم بیرەوەری یەش وای لێ کردبووم نەم دەتوانی وەك جاران لەگەڵی بجووڵێمەوە . شەرمم دەکرد سەیری چاوی بکەم . سیلڤیۆش خۆ لەوکەلحۆیانە نەبوو وەك هیچ نەدیو تێبینی هەموو شتێك نەکات و پەی بە هۆیەکەی نەبات . دیار بوو پێشی دڵگران دەبوو . ئەوەی ڕاستیش بێ جارێك تا دووجار هەستم کرد کابرا دەیەوێ داخی دڵیم بۆ هەڵبڕێژێت ، بەلام من خۆم لەو جۆرە هەلانە لادەداو سیلڤیۆش ئەوەندە سوور نەبوو لەسەری . ئیتر لەوە بەدوا هەر لەناو برادەراندا دەم بینی ، گفتوگۆکانی جارانم لەگەڵیدا بڕایەوە .

دانیشتووانی تێرو تەسەلی شارەگەورەکان ئاگایان لەو هەست و نەستانە نیە کە بەنیسبەت خەڵکی لادێ و شارۆچکەکانەوە شتێکی ئاسایی یە . ، بۆ نموونە وەکوو چاوەڕوانیی ڕۆژی گەیشتنی پۆستە . ڕۆژانی سێشەممەو هەینی مەڵبەندی سەرکردایەتی فەوجەکە لەبەر ئەفسەرو پلەداران بەر نەدەکەوت : هەندێکیان چاوەڕێی پارە بوون ، هەندێکیان نامەو ئەوانی تریش ڕۆژنامە . نامەکان لێرەو لەوێ دەکرانەوە ، دەنگوباس بۆیەکتری دەگێڕرایەوەو بەم جۆرە مەڵبەندەکە جۆش و خرۆشی تێدەکەوت . سیلڤیۆش کە نامەکانی لەڕێگەی فەوجەکەوە پێدەگەیشت سەری لەوێ دەدا . ڕۆژێکیان نامەیەکی پێگەیشت ، بە پەلە پەلی و بێئارامی یەوە هەڵی پچڕی ، هەرکە چاوی بە نامەکە کەوت شڵەژا . ئەفسەرەکان هەر یەکە مەشغووڵی نامەی خۆی بوو ، تێبینی هیچیان نەکرد .

«جەنتڵمانینە !» ... سیلڤیۆ هاواری کرد ، «زرووف وا پێویست دەکات بەزووترین کات ئێرە بەجێ بهێڵم . دەبێ ئەمشەو بڕۆم . لەو باوەڕەدانیم حەز نەکەن بۆ دواجار تەشریف بهێنن بۆ قاوەڵتی . چاوەڕێتان دەکەم .» ئینجا ڕووی کردەمن و لەسەری ڕۆیشت : «تۆش پێویستە بێیت .» بەم قسانەوە بەپەلە مەڵبەندی سەرکردایەتی بەجێ هێشت و ئێمەش دوای ئەوەی ڕێکەوتین لەماڵی سیلڤیۆ یەکتری ببینینەوە هەریەکەمان ڕۆیشت بەڕێی خۆیەوە .

من لەکاتی دیاریکراودا گەیشتمە ماڵی سیلڤیۆودیم نزیکەی هەموو فەوجەکە لەوێن . کابرا هەموو شت و مەکی پێچابۆوە ، هەر دیوارە ڕووتە گوللە ئاژنەکان دەستی لێ نەدرابوو ، دەوری سفرەماندا ، خانەخۆی تابڵێی بەکەیف بوو ، زۆری نەبرد ئەم بەکەیفی یە هەموو میوانەکانی تەنیەوە . لەگەڵ هیوای سەفەری سەلامەت و خۆشبەختی کابرای سەفەر لەبەردا ، هەر شووشە شەراب بوو هەڵ دەپچڕاو مەی بوو کەف دەکردو پێك بوو چزەی دەهات ، تا شەو درەنگ ماینەوە . دوایی شەپقەکانمان هەڵگرت و سیلڤیۆ یەکە یەکە خواحافیزی لێکردین . پێش ئەوەی بچمە دەرەوە دەستی گرتم ، وەستاندمی و بەدەنگێکی نزم وتی : «دەمەوێ چەند قسەیەکت بۆ بکەم .»منیش مامەوە .

میوانەکان هەموو ڕۆیشتبوون ، هەر هەردووکمان بەجێ مابووین . بەرامبەری یەك دانیشتین و بێ دەنگ سەبیلەکانمان داگیرسان . سیلڤیۆ خەیاڵی ڕۆیبوو ، هیچ کەیفەکەی تۆزێك لەوەو پێشی نەمابوو . ڕەنگی زەردو چاوی ئاگرین و ئەو دووکەڵە خەستەی لەدەمی بەرز دەبۆوە ، وای لێکردبوو لەدێویکی ڕاستی بچێ . دوای چەند دەقەیەك سیلڤیۆ پەردەی بێدەنگی دڕاند .

«لەوانەیە ئیتر هەرگیز یەکتری نەبینینەوە ، پێش ئەوەی بڕۆم حەزدەکەم چەند قسەیەکت بۆبکەم . ڕەنگە خۆشت بزانی

ـ گوێ نادەمە ئەوەی ئەوانی تر چۆنم تێ دەگەن ، بەلام تۆم ـحۆش دەوێ‌و پێم ناخۆشە بەو ئینتیباعە هەڵەیەوە کەلە ـرەمەوە وەرت گرتووە ، بەجێت بهێڵم .» . ئینجا وەستاو ـەستی کرد بەپڕ کردنەوەی سەبیلەکەی . من سەرم شۆڕ کرـبووەو چرکەم لەخۆم بڕیبوو .

«بەلاتەوە سەیر بوو ؟» .. لەسەری ڕۆیشت .. «کە ـ خی خۆم بەو کابرا سەرخۆشە (ڕ) نەڕشت ؟ ! . تۆش لەو ـوەرەدایت کە مادام هەڵبژاردنی چەك بەدەست‌من بوو یانی ژیانیشی لەژێر ڕەحمەتی دەستی مندابوو ، بەلام ژیانی خۆم بێ مەترسی بووە . تۆ حەز دەکەی ئەو لەسەرخۆیی‌یەم بگێڕەرەوە ـۆ دڵگەورەییم ، کەیفی خۆتە ، بەلام حەز ناکەم درۆت لەگەڵ بکەم ، ئەگەر بمتوانیایە تۆڵە لە ـ ڕ ـ بکەمەوە ، بێ‌ئەوەی بەهیچ جۆرێك ژیانی خۆم بخەمە مەترسی‌یەوە ئەوا هەرگیز لێ‌ی خۆش نەدەبووم» .

بەسەر سامی‌یەوە سەیرێکم کرد ، ئەم دان پێدانانەی تەواو ڕای چڵەکاندم . سیلڤیۆ لەسەری ڕۆیشت .

«بەڵێ ، هەقی ئەوەم نیە ژیانم بخەمە مەترسی‌یەوە . شەش ساڵ لەمەو بەر شەپازللەیەکم خواردووەو دوژمنەکەشم هێشتا زرت‌و زیندووە» . زۆر حەزم‌دەکرد مەسەلەکە ڕوون ببێتەوە .

«ئەی بۆ شەڕت لەگەڵ نەکرد ؟» . پرسی ، «دەبێ زرووف لێکی دابڕیبن !» .

«شەڕم لەگەڵ کرد .» سیلڤیۆ وەلامی دایەوە ، «ئێستاش یادگاری شەڕەکەمانم لایە» .

هەستایە سەرپێ‌و شەپقەیەکی سووری نەخش کراوی لەمقەبایەك دەرهێنا . شەپقەکە قەیتانی زەرکەشی پێوە بوو ، لەو جۆرەی فەڕەنسایی‌یەکان پێ‌ی دەڵێن (بۆنێ دو پۆلیس) . کاتێ شەپقەکەی لەسەرکرد دیم هەریەك ئینچ لە ژوور ناو چاوانیەوە کونی گوللەیەکی تێدایە .

«ئاگات لەوەیە ..» . سیلڤیۆ لەسەری ڕۆیشت .. «کە من‌کاتی خۆی لە فەوجی سوارەی ـ ن ـ دا بووم . خۆشت مەیل‌و میزاجم دەناسی . دەزانی ڕاهاتووم لەهەموو شتێکدا یەکەم . بەلام لە سەردەمی لاوێتیمدا ئەوە هەوەس‌و ئارەزووم ـوو کاتی ئێمە باوی شەر فرۆشتن بوو ، منیش یەکەم سەر ـەگوبەندی سویابووم . زۆر شانازیمان بەسەرخۆشی‌یەوە دەکرد . تەنانەت جارێك بەخۆشی بۆرتسۆڤی بەناوبانگەوە مەست‌بووم کە دێنیس داڤیدۆڤی شاعیر ناوی خستۆتە ڕیزی نەمرانەوە . هەر سات ناساتێك تەقەیەکی بەرامبەری لەفەوجەکەماندا ڕووی دەداو منیش لەزۆربەیاندا یان‌دووەم بووم یان بەشدارێکی چالاك‌بووم . هاوڕێکانم زۆر پێم سەرسام بوون . بەلام سەرکردەکانی فەوجەکە کەیەك لەسەریەك دەگۆڕان بەپیاو خراپێکی بێ‌چەندو چوونیان دادەنام .

«منیش بەئاسوودەیی (یا ڕەنگە ئەوەندەش بەئاسوودەیی نەبووبێ) کەیفم بە ناوبانگم دەهات . تا کوڕێکی گەنجی دەوڵەمەند کەبۆنی پلەو پایەیەکی دیاری کراوی لێ دەهات ، هاتە فەوجەکە مانەوە . لە ژیانمدا کەسی وەك ئەو کەشخەو بەختەوەرم نەدیوە . بیهێنە بەر چاوی خۆت : لاوێتی ، ئەقڵ ، قۆزی ، هەڵەشەیی ، ئازایەتی‌ی بێ‌وێنە ، ناوبانگ ، پارە کە بەهەر چوار لادا پەرشی دەکردەوەو تەواو بوونی نەبوو . ئینجا هەوڵ بدە بزانە دەبێ چ ئینتباعێك لەسەر ئێمە دروست دەکات ! . نازناوی پالەوانێتیم کەوتە لێژی . لەسەرەتاوە کە ناوبانگمی بیستبوو ، هەولی دا خۆی بکات بە هاوڕێم . بەلام من بەساردی وەلامم دایەوەو ئەویش بێ دلگرانی وازی هێنا . هەستم کرد زۆر ڕقم لێ‌یەتی . ئەو ناوبانگەی لە فەوجەکەو لە ناو ئافرەتاندا هەیبوو ، ئیمانیان لەکەللەمدا نەهێشتبوو . هەولم دا شەڕی پێ‌بفرۆشم بەلام هەمیشە ڕێ‌ی لەفڕوفێڵەکانم دەبەستەوەو بەو فڕوفێلانەی خۆی کەهەمیشە بەلامەوە لەوانەی‌من زیرەکانەترو لەڕاستیدا تابلێ‌ی لەوانەی من چاکتربوون . ئەوهەموو شتێکی بەگاڵتە دەگرت . بەلام نیازم ژەهراوی بوو . سەرەنجام شەوێکیان لە ئاهەنگێکدا لەماڵی خاوەن مولکێکی پۆلۆنیایی بینیم بووەبە گوڵی مەجلیسی هەموو خانمەکان ، بەتایبەتیش خانمی ماڵەکە کە ئەوکاتە من مەسەلەیەکم لەگەڵیدا هەبوو . هەندێ قسەی ناشیرینم چرپاند بە گوێ‌یدا سوور بووەو شەپازللەیەکی لێدام . هەردووکمان پەلاماری دەسکی شمشێرەکانمان دا . ئافرەت لەوناوەدا بووڕانەوەو خەڵکەکە بەزۆر لێکیان جیا کردینەوە . بڕیارمان دا هەر ئەو شەوە تەقەی بەرامبەری بکەین .

«شەبەقی دابوو . من لەشوێنی دیاریکراوی خۆمدا لەگەڵ سێ دوو هەمەکەمدا وەستابووم و بەبێ ئارامی‌یەکی

لەباس نەهاتووەوە چاوەڕوانی دوژمنەکەمم دەکرد . کات بەهار بوو ، خۆر زوو هەڵات و دنیا گەرمی کرد . لە دوورەوە دیم چاکەتەکەی داوە بەسەر شمشێرەکەیدا و لەگەڵ یەك تاقە دووهەمدا بە پێ بەرەو لامان دێ . بەرەو پیری چووین . نزیك بووە ، شەپقەکەی پڕکردبوو لە هەڵووژەو گرتبوویە دەستیەوە ، دووهەمەکان دوازدە هەنگاو لێمان دوور کەوتنەوە . بڕیار بوو من یەکەمجار تەقە بکەم ، بەلام ئەوەندە تووڕە بووبووم باوەڕم بە ڕاستی و جێگیری دەستم نەدەکرد . بۆیە یەکەم تەقەم بەخشی بەو ، بەلام دوژمنەکەم بەمە ڕازی نەبوو . جا بڕیار درا یانسیبی بۆ بکەین . ئەو بوی دەرچوو ، بەخت چۆن هەمیشە پشتی دەگرێ ! . نیشانەی لێ گرتم و شەپقەکەمی پێکا . ئینجا سەرەی من بوو ، سەرەنجام ژیانی کەوتە بەر دەستم . بەوردی تێم ڕوانی تا کەمترین نیشانەی نیگەرانی لەدەموچاویدا بەدی بکەم . بەرامبەر دەمانچەکەم وەستابوو ، هەڵووژەی گەیوی لە شەپقەکەی دەردەهێنا و ناوکەکەی تف دەکردەوە بەرەو لای من . ئەم ساردییەی کەللەیی کردم . لە دڵی خۆمدا وتم : جێی چی دەگرێ لەو ژیانە بێ بەشی بکەم کە بەلایەوە هیچ نیە ! . خەیاڵێکی شەیتانی بە مێشکمدا ڕەت بوو . ئەو دەستەم نەرم کردەوەکە دەمانچەکەم پێ گرتبوو .

«وابزانم کاتی ئەوەت نیە بیر لەمردن بکەیتەوە .» . من پێموت ، «زۆرحەز دەکەی بەرچایی بکەیت بۆیە نامەوێ لێت تێك بدەم .» .

«بەهیچ جۆرێك لێم تێك نادەیت» . وەڵامی دایەوە ، پیاوی چاك بە پەنجەی پێدا بنێ . بەهەر حاڵ خۆت چۆنت پێ خۆشە با وابێ . تەقەیەکت قەرزارم و هەمیشە لە خزمەتتدام» .

ئاورم دایەوە بەلای دووهەمەکانمدا و پێم وتن ، ئێستا نیازی تەقاندنم نیە . بەم جۆرە تەقە بەرامبەرییەکەمان دوایی هات .

«سوپام بەجێ هێشت و لەم شوێنە بچووکەدا دامەزرام ئیتر لەوساوە ڕۆژنەبووە خەیاڵم لای تۆڵەسەندنەوە نەبێ ، وا ئێستاش کاتی هاتووە» .

سیلفیۆ ئەو نامەیەی لەباخەڵی دەرهێنا کە ئەم بەیانییە بۆی گەیشتبوو ، دای پێم بیخوێنمەوە . کابرایەك (دەبێ پارێزەرەکەی بێ) لەمۆسکۆوە بۆی نووسیبوو گوایە فلان زەلام بەم زووانە زەماوەندی مارەکردنی کچۆلەیەکی جوان دەگێڕێ .

«هەڵت هێنا ،» سیلفیۆ وتی ، «ئەم فلان زەلامە کێیە ؟ . وادەچم بۆ مۆسکۆ تابزانم ئەمجارەش لەدەمەدەمی زەماوەندیدا بەهەمان ئەو بێباکییەوە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە وەك ئەو کاتەی شەپقە هەڵووژەکەی پێ بوو ؟ !» .

دوای ئەوە سیلفیۆ هەستایە سەرپێ و شەپقەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و وەك پڵنگی بەند کراو بە ژوورەکەدا کەوتە هات و چۆکردن . من چڕکەم لەخۆم بڕیبوو ، ئاگام لێ بوو چۆن جۆرەها هەستو نەستی ناکۆك ناکۆك وروژاند بووی .

خزمەتکارەکەی هاتە ژوورەوەو وتی ئەسپەکان ئامادەن . سیلفیۆ بەگەرمی دەستی گوشیم ، باوەشمان کرد بەیەکدا . سواری عارەبانەکەی بوو . دوو سندووق لەعارەبانەکەدا بوو ، یەکێکیان دەمانچەی تێدابوو ، ئەوی تریان شتومەکی خۆی . جارێکی تریش خواحافیزیمان کردو ئەسپەکان دایانە غار .

2

چەند ساڵێك تێ پەڕی . زرووف ماڵەوە ناچاری کردم لەگوندێکی هەژاری ناوچەی (س)دا جێگیر ببم . هەمیشە بەدەست سەرۆکاریی مولکەکانمەوە شپرزە بووم و داخم بۆ ژیانی پێشووی پڕ ئاشووب و بێخەمم دەخوارد . زەحمەتترین شت کە ڕاهاتن لەگەڵیدا ئەستەم بوو ، شەوانی تەنیایی پایزو زستان بوو . هەوڵم دەدا تاکاتی قاوەڵتی هەر چۆنێك بووە کات بەسەر ببەم ، قسەم لەگەڵ موختاری دێ دەکرد ، لێم دەخوڕی بولای مولکەکانم تا سەیرێکی ئیش و فرمان بکەم ، یان سەرم لە پرۆژەی تازە دەست پێ کراو دەدا . بەلام کە تاریك دادەهات نەم دەزانی خۆم بەچییەوە خەریك بکەم . ئەو چەند کتێبەی کەمەی لەسندووقی ئەم ئەولاو ژووری گەنجینەدا پەیدام کردبوو ، ئەوەندەم خوێندبوونەوە لەبەرم کردبوون . کیریلۆفنای ماڵ بەڕێوەبەریش چەندەها جار هەگبەی چیرۆکەکانی بۆ خاڵی کردبوومەوە . گۆرانیی ئافرەتان تەواو پەستیان دەکردم ئەگەر مەی سەری نەهێنامایەتە ژان ،

ـه‌وانه‌بوو خووم به‌ خواردنه‌وه‌وه‌ ، بگرتایه‌ ، جگه‌ له‌وه‌ش پیاو ـو ڕاست نه‌لێ ، ده‌ترسام به‌هۆی ئه‌م بێزاری‌یه‌وه‌ ببم به‌ ـه‌رخۆشێکی هه‌میشه‌یی ، یانی سه‌رخۆشێکی بێمانا ، ـه‌وانه‌ی له‌ناوچه‌که‌ماندا له‌ژماره‌ نایه‌ن . دراوسێکانیشم ته‌نیا ـوو سێ زه‌لامی وابوون له‌و به‌خت ڕه‌شانه‌ که‌ نزگه‌ره‌و هه‌نسك ـ ن زیاتر هیچیان لێ نه‌ده‌بیسترا . ته‌نیایی له‌ هاوڕێیه‌تی ئه‌وانه‌ ئاسووده‌تره‌ .

چوار ڤێرست له‌ولامانه‌وه‌ موڵکه‌ گرانبه‌هاکانی کۆنتێس ـب) بوو ، به‌ڵام له‌ پاسه‌وانێك به‌ولاوه‌ که‌سی تری لێ نه‌ده‌ژیا . کۆنتێس یه‌کجار ، له‌یه‌که‌م مانگی شوو کردنیدا دیده‌نی کردبوو ، مانگێك که‌متر له‌وێ مابۆوه‌ . له‌دووه‌م ساڵی ته‌نیاییمدا ده‌نگ بڵاو بۆوه‌ گوایه‌ کۆنتێس و مێرده‌که‌ی نیازیان وایه‌ هاوین سه‌ر له‌ موڵکه‌کانیان بده‌ن . ئه‌وه‌بوو سه‌ره‌تای حوزه‌یران گه‌یشتن .

دیده‌نی دراوسێیه‌کی ده‌وڵه‌مه‌ند شتێکی گرنگه‌ له‌ ژیانی دانیشتووانی دێهاتدا . خاوه‌ن موڵك و ده‌ست و به‌ره‌یان دوومانگ له‌پێش و سێ ساڵ له‌دوای دیده‌نی یه‌که‌وه‌ باسی ده‌که‌ن . به‌نیسبه‌ت منیشه‌وه‌ ، پیاو بۆ ڕاست نه‌ڕوات ، هه‌ڵلا هه‌ڵلای گه‌یشتنی دراوسێیه‌کی جوان و جه‌هێڵ کارێکی زۆری تێکردم . سووتاوی چاوه‌ڕوانی بینینی بووم . دوای قاوه‌ڵتی یه‌که‌م یه‌کشه‌ممه‌ی دوای گه‌یشتنیان که‌وتمه‌ ڕێ بۆ گوندی (س) تا خۆم به‌و خاوه‌ن شکۆیانه‌ بناسێنم وه‌ك نزیکترین دراوسێ و ملکه‌چترین خزمه‌تکاریان .

خزمه‌تکارێك ڕێی نووسینگه‌ی کۆنتی پیشان دام و خۆی چوو ناوم بگه‌یه‌نێ . نووسینگه‌یه‌کی گه‌وره‌و تابلۆی جوان ڕازاوه‌ بوو ، دیواره‌کانی به‌ ڕه‌فه‌ی پڕکتێب ته‌نرابوو ، له‌سه‌ر هه‌ر ڕه‌فه‌یه‌ش نیوه‌ په‌یکه‌رێکی برنجه‌ دانرابوو . له‌سه‌ر ئاگردانێکی مه‌ڕ مه‌ڕ ئاوێنه‌یه‌کی گه‌وره‌ قیت بووبۆوه‌ ، ئه‌رزه‌که‌ی به‌ قوماشێکی سه‌وز داپۆشرا بوو ، له‌سه‌ر ئه‌وه‌شه‌وه‌ فه‌رش ڕاخرابوو .

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌ماڵی خۆم شتی وا نایابم نه‌دی بوو ، ده‌مێکیش بوو ئاگام له‌ ده‌وڵه‌مه‌ندی که‌سانی تر نه‌بوو ، شه‌رم دایگرتم و به‌ نیگه‌رانی و بێ ئارامی‌یه‌وه‌ چاوه‌ڕوانی کۆنتم کرد ، وه‌ك چۆن خاوه‌ن داوایه‌ك له‌ ناوچه‌یه‌که‌وه‌ چاوه‌ڕوانی هاتنی وه‌زیر ده‌کات . ده‌رگا کرایه‌وه‌و کابرایه‌کی لێهاتووی سی و دوو ساڵان خۆی کرد به‌ژووردا . کۆنت زۆر گه‌رم و دۆستانه‌ لێم هاته‌ پێشێ . دوای ئه‌وه‌ی هه‌وڵمدا به‌سه‌ر حه‌په‌سانمدا زاڵ ببم ، خه‌ریك بوو خۆمی پێ بناسێنم ، به‌ڵام ئه‌و ده‌ست پێشکه‌ری کرد . دانیشتین گفتوگۆی له‌سه‌ر خۆو به‌ماریفه‌تی ، زۆری نه‌برد به‌سه‌ر شه‌رمی ته‌نیایی دوورو درێژمدا زاڵ بوو . ئه‌وه‌نده‌ی نه‌مابوو ته‌واو بێمه‌وه‌ سه‌رخۆم ، له‌پڕ کۆنتێس خۆی کرد به‌ ژووردا و یه‌کاویه‌ك زیاتر له‌پێشوو په‌شۆکام . به‌ڕاستی خوڵقاوێکی ناسك بوو . کۆنت پێی ناساندم ، منیش هه‌وڵمدا خۆم هێمن پیشان بده‌م . به‌ڵام تازیاتر هه‌وڵم ده‌دا هێمن ببمه‌وه‌ ، زیاتر ده‌په‌شۆکام . بۆئه‌وه‌ی ماوه‌م بده‌ن بێمه‌وه‌ سه‌رخۆم و به‌دانیشتنی ناوکۆڕی نه‌ناسیاوان ڕابێم ، له‌به‌ینی خۆیاندا که‌وتنه‌ قسه‌و وه‌ك دراوسێیه‌کی دێرین منیان بێ زیاده‌ ماریفه‌ت به‌جێهێشت . منیش به‌ ژووره‌که‌دا که‌وتمه‌ گه‌ڕان و سه‌یرکردنی کتێب و وێنه‌کان . گه‌رچی زۆر شاره‌زاییم له‌باره‌ی وێنه‌وه‌ نه‌بوو ، به‌ڵام وێنه‌یه‌کیان زۆر سه‌رنجی ڕاکێشام ئه‌ویش وێنه‌ی دیمه‌نێکی دێهاتی‌ی سویسره‌یی بوو ، به‌ڵام وه‌نه‌بێ وێنه‌که‌ خۆی له‌خۆیدا سه‌رنجی ڕاکێشابم ، نه‌خێر ، به‌ڵکو دوو کونی فیشه‌کی تێدابوو یه‌ك ڕێك له‌سه‌ر ئه‌وی تر .

«نیشانچی یه‌کی چاك بووه‌ .» ڕووم وه‌رگێڕا بۆ کۆنت و وتم :

«به‌ڵێ ، نیشانچی‌یه‌کی لێ هاتووه‌ . تۆ نیشانچی‌یه‌کی باش نیت ؟» .

«زۆر باش !» . وه‌ڵامم دایه‌وه‌و دڵشاد بووم به‌وه‌ی سه‌ره‌نجام قسه‌هاته‌ سه‌رباسێك که‌من زۆر حه‌زی لێ ده‌که‌م .

«له‌دووری سیی هه‌نگاوه‌وه‌ کاغه‌زی قومار ده‌پێکم ، به‌ ده‌مانچه‌ ، چونکه‌ ده‌ستم به‌ده‌مانچه‌ ڕا هاتووه‌» .

«توخوا ؟ !» . کۆنتێس وه‌ك زۆر حه‌زی له‌باسه‌که‌بێ وه‌ڵامی دایه‌وه‌ ، «ئه‌ی گیانه‌ تۆ ده‌توانی له‌ دووری سی هه‌نگاوه‌وه‌ کاغه‌زی قومار بپێکی ؟» .

«ڕۆژێك تاقی‌ی ده‌که‌ینه‌وه‌ .» . کۆنت وه‌ڵامی دایه‌وه‌ . «من کاتی خۆی نیشانچی‌یه‌کی خراپ نه‌بووم به‌ڵام چوار ساڵه‌ ده‌مانچه‌م نه‌گرتووه‌ به‌ ده‌ستمه‌وه‌» .

«ئۆهۆو .» وتم ، «ئه‌گه‌ر وابێ ، دڵنیام ئێستا له‌ دووری بیست هه‌نگاویشه‌وه‌ لێی نادەیت . ده‌مانچه‌ ته‌قاندن پێویستی به‌ مه‌شقی ڕۆژانه‌ هه‌یه‌ من خۆم ئه‌وه‌م به‌سه‌ر هاتووه‌ . کاتی

خۆی لەچاکترین نیشانچییەکانی فەوجەکەمان بووم . بەڵام جارێکیان یەك مانگی ڕەبەق دەستم لە دەمانچە نەدا ـ دەمانچەکەی خۆم لای وەستا بوو ـ ئینجا دەزانی چی خاوەن شکۆ ؟ . یەکەمجار نیشانی شووشەیەکم گرتەوە لەدووری بیست و پێنج هەنگاوەوە کەچی چوار جار لەسەر یەك لێم نەدا . کاپتنەکەمان کابرایەکی قۆشمەو قسە خۆش بوو، پێی وتم ـ هەمووکەس دەزانێ تۆ هی ئەوە نیت ئەو شووشەیە بپێکیت ! . ئاخ ، خاوەن شکۆ ، پێویستە مەشق پشت گوێ نەخەیت . ئەگینا ئەوەندەی پێناچێ هیچت بیر نامێنێ . چاکترین نیشانچی من ناسیبێتم هەموو ڕۆژێ مەشقی دەکرد ، بەلای کەمەوە ڕۆژی سێ فیشەکی پێش قاوەڵتی دەتەقاند ، فەرز بوو لای ، وەك چۆن پێکێك ڤۆدکا پێش نان خواردن فەرزە» .

کۆنت و کۆنتێس زۆریان پێخۆش بوو زمانم بەربوو .

«تۆزێکی تریش باسی دەستو مشتیم بۆ بکە» . کۆنت پرسی .

«دەزانی چی خاوەن شکۆ ، جاری واهەبوو دەی بینی مێشێك بەدیوارەکەوە نیشتۆتەوە ـ چی یە کۆنتێس دەبینم پێکەنینت دێ ، بەلام بەخوا ڕاستت پێ دەڵێم ـ ئێ ئیتر مێشێکی .ەدی بە دیوارەکەوە یەکسەر هاواری دەکرد ـ (کوزڵا) دەمانچەکەم ! . کوزڵا دەمانچەی پڕی بۆ دەهێناو لەگەڵ نالەیەکدا مێشەکە بە دیوارەکەوە دەفلیقایەوە» .

«بەڕاستی بێ وێنەیە» . کۆنت هاواری کرد ، «ناوی چی بوو ؟» .

«سیلڤیۆ ، خاوەن شکۆ» .

«سیلڤیۆ ؟ !» کۆنت بازی دایە سەرپێو هاواری کرد .

«تۆ سیلڤیۆت دەناسی ؟ !» .

«بێگومان خاوەن شکۆ . من و سیلڤیۆ دوو هاوڕێی گیانی بووین . لە فەوجەکەماندا وەك یەکێ لەخۆمان پێشوازیمان لێکرد . بەلام واپێنج ساڵە هیچم لەبارەیەوە نەبیستووە . یانی خاوەن شکۆ جەنابیشتان دەتان ناسی ؟ !» .

«بەڵێ ، منیش چاك دەم ناسی . قەت باسی بۆ نەکردوویت ... بەلام نا ، ڕێی تێ ناچێ ... قەت باسی دیمەنێکی گرنگی ژیانی بۆ نەکردووی ؟» .

«خاوەن شکۆ .. جەنابتان مەبەستتان لەو کاتەیە کە گەنجێکی کەشخەچی شەپازللەیەکی لێ دابوو ؟» .

«باشە قەت ناوی ئەو کەشخەچییەی پێ نەووتووی ؟ » .

«نەخێر خاوەن شکۆ پێی نەوتووم» .

لەپڕ ڕاستیی شتەکەم بۆ دەرکەوت .

«ئۆ ، خاوەن شکۆ بم بوورە ! .. بیری ئەوەم نەبوو . ئەوە تۆ بووی ؟»

«ئا ، من بووم» . کۆنت بە پەشۆکاوی یەکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە .

«ئەو وێنەیەش کە دوو گوللەکە لێی داوە ، یادگاری دوا یەکتربینیمانە ...» .

«ئۆ خوایە ،» کۆنتێس وتی ، «تکات لێدەکەم باسی ئەوە مەکە ، دەزانی چەندی لێ دەترسم ..»

«دەزانم بەلام دەبێ هەمووی بگێڕمەوە .» کۆنت وەڵامی دایەوە . «ئەم دەزانێ چۆن سووکایەتیم بەسەر برادەرەکەی هێناوە ، دەبا بشزانێ چۆن سیلڤیۆ تۆڵەی لێکردمەوە» . کۆنت کورسییەکی قۆڵداری بۆ ڕاکێشام و منیش بەوپەڕی زەوقەوە گوێم بۆ ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە شل کرد .

«پێنج ساڵ لەمەو بەر ژنم هێنا . یەکەم مانگ ، یانی مانگی هەنگوینم لێرە ، لەم گوندە بەسەر برد . من خۆشترین ڕۆژانی ژیان و یەکێك لەناخۆشترین یادگارەکانیشم لەم خانووەدا بەسەر بردووە .

ئێوارەیەکیان پێکەوە چووینە دەرەوە . ئەسپی خێزانەکەم بەلەسە بوو ، ژنەکەم نیگەران بوو ، ڕەشمەکەی دایە دەست من و خۆی بەپێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ، منیش بەسواری . عارەبانەیەکی سەفەریم لەحەوشەکەماندا بەدی کردو لەوێ پێیان وتم جەنتلمانێك لە نووسینگەکەمدا چاوەڕێمەو نایەوێ ناوی خۆی بڵێت ، دەڵێ گوایە ئیشم پێیەتی . کە چوومە ژوورەوە بینیم لێرەدا ، لەبەردەم ئەم ئاگردانەدا ، کابرایەکی تەپ و تۆزاوی ڕیش درێژ وەستاوە . بەرەو ڕووی چووم و هەوڵمدا بیرم بێتەوە کێیە .

«کۆنت ، چییە نام ناسیتەوە ؟ !» . کابرا بە دەنگێکی لەرزیوەوە وتی .

«سیلڤیۆ !» . هاوارم کرد ، ئەوی ڕاستی بێ هەستم کرد ترس دای گرتووم .

«خۆیەتی ،» کابرا وتی ، «ئێستا سەرەی منە بتەقێنم .

ـتووم دەمانچەکەم خالی بکەمەوە . ئامادەیت ؟» .

دەمانچەکەی لە باخەلی سەر سنگیەوە دیاربوو . دوازدە هەنگاوم ژماردو لەو سووچەدا ڕاوەستامو داوام لێکرد خێرا ـکت ، پێش ئەوەی ژنەکەم بێتەوە پەنجەی پێدابنێ . بەلام ـەیئووی ڕووناکی‌یەوە خۆی دواخست . مۆمیان بۆهێنا ، ـەرگام داخستو داوام کرد ڕێ‌ی‌کەس نەدەن بێتە ژوورەوە . ـیجا داوام لێکرد تەقەم لێ بکات . دەمانچەکەی دەرهێناو ـیشانی لێگرتم . دەستم کرد بە چرکە ژماردن ، بیرم لە حیزانەکەم کردەوە . دەقەیەك بێ ئارامی‌ی تاڵ تێپەڕی . ـسیلفیۆ دەستی بەر دایەوە .

«بەداخەوەم ،» سیلفیۆ وتی ، «دەمانچەکەم ناوکە هەئووژەی تێدانیە ، گوللەش زۆر قورسە . ناتوانم ، ئەمەبە تەقەی بەرامبەری دانانێم ، بەلکوو بەپیاو کوشتنی دەزانم . میرنیم پیاوی بێ چەك بکوژم . بالەسەرەوە دەست پێ ـکەینەوە . با یانسیب بکەین بۆ یەکەم تەقاندن» .

سەرم لێ دەرنەدەکرد ، ئەوەندەی لەبیرم بێ ڕازی نەبووم . بەلام دواجار دەمانچەیەکی ترمان هێنا . دوو پارچە کاغەزیشمان هێناو پێچامانەوە ، ئەو خستیە شەپقەکەیەوە ، ئەو شەپقەیەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کوناو دەرم کردبوو . ئەمجارەش بۆ من دەرچوو . بەزەردەخەنەیەکی واوە کە هەرگیز لەیادم ناچێ وتی «کۆنت .. شەیتانیش بەختی وەکوو تۆی نیە» . نازانم چیم لێ بەسەر هاتبوو ، نازانم چۆن ڕێم پێدا ئەوەم پێ بکات . بەلام بەهەر حاڵ پەنجەم نا بەپەلەپیتکەداو ئەو وێنەیەم پێکا . (کۆنت پەنجەی بۆ وێنە گوللە کون کردووەکە ڕاکێشا .) ڕوومەتی سوور هەلگەڕا کۆنتیس ڕەنگی بوو بەکاغەزی سپی . منیش نەم توانی سەرسامیم بخۆمەوە .

«تەقاندم» کۆنت لەسەری ڕۆیشت ، سوپاس بۆ خوا نەم پێکا . ئینجا سیلفیۆ .. لەوساتەدا دیمەنی زۆر ترسناك بوو ... نیشانی لێگرتم . لەپڕێکدا دەرگا کرایەوەو ماشا بەهاوارەوە خۆی کرد بە ژووردا و خۆی هەلدایە سەر شانم . کە ئەوم بینی هاتمەوە سەر خۆمو پێموت :

«گیانەکەم ، ئەوەتا بە سوعبەتمانە ، بۆ وات لەخۆت کردووە ؟ . بڕۆ تۆزێ ئاو بخۆرەوە ، ئینجا وەرەوە بۆ لامان دەمەوێ هاو پلەو هاوڕێ‌ی دێرینمت پێ‌بناسێنم» . ماشا هێشتا باوەڕی نەدەکرد .

«پێم بلێ ئەوەی مێردەکەم دەیلێ ڕاستە ؟» . ڕووی کردە سیلفیۆی ترسناك‌و لێ‌ی پرسی .

«ڕاستە تەنها ئێوە ، هەردووکتان بە سوعبەتتانە . کۆنتێس ، کۆنت هەمیشە بەسوعبەتیەتی» . سیلفیۆ وەلامی دایەوە ، «جارێکیان بەسوعبەت شەپازللەیەکی لێدام ، تەقەی لێ کردمو دای لە شەپقەکەم هەر بەسوعبەت ، ئێستاش هەر بەسوعبەت تەقەی لێکردمو نەی پێکام ئێستا منیش دەمەوێ سوعبەتێك بکەم .» .

دووبارە خۆی واپیشاندا نیشانم لێبگرێ لەبەردەم ماشادا . ماشا خۆی هەلدایە سەر پێلاوەکانی .

«ماشا ، هەستە ، حەیام مەبە !» . لە توانامدا نەماوهاوارم کرد ، «تۆش قوربان بەس گاڵتە بەو ئافرەتە بەدبەختە بکە ! . دەتەوێ تەقەبکەی یان نا ؟» .

«نامەوێ» . سیلفیۆ وەلامی دایەوە ، «ئێستا دلم ئاوی خواردەوە . بەنیگەرانی‌و بێ‌ئارامی بینیمیت . ناچارم کردیت تەقەم لێبکەی ، ئەوەندەش بەسە . وازت لێ دێنم بۆ خۆت‌و ویژدانت . لەبیرت نەچمەوە» .

ویستی بڕوات بەلام لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستا ، سەیرێکی ئەو وێنەیەی کرد کە من پێکابووم ، ئینجا بێ ئەوەی نیشانەی لێبگرێ ، پەنجەی نا بە بەلەپیتکەداو لێ‌ی‌دا ڕۆیشت . ژنەکەم بوورایەوە . خزمەتکارەکانم نەیان وێرابوو ڕێ‌ی لێبگرن ، بە ترس‌و لەرزەوە سەیریان دەکرد . هەنگاوی نایە هەیوانەکەوە ، بانگی عەرەبانچی‌یەکەی کردو بێ ئەوەی من مەسەلەکە تێ بگەم ڕۆیشت .

کۆنت هەر ئەوەندەی وت . بەو جۆرە کۆتایی ئەو چیرۆکەم بۆ دەرکەوت کە سەرەتاکەی ڕۆژێ لەڕۆژان ئەوەندە کاری تێکردبووم . ئیتر هەرگیزاو هەرگیز پاڵەوانەکەیم نەدیەوە . دەڵێن گوایە ئەم سیلفیۆیە لەکاتی ڕاپەڕینی ئەلێکساندەر ئیپسیلانتی‌دا سەرکردەی هێزێك بووەو لە شەڕی سکولیانی‌دا کوژراوە .

لەم کتێبەوە وەرگێڕراوە :

Alexander Pushkin, Selected Works, Vol. 2PP.13—25 Progress Publishers, Moscow, 1974